
چوار فریشتەکە

# بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## پێشەکی

السَّلَاْمُ عَلَيْكُم وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاْتُه

سوپاس و ستایش بۆ خودا کە دەرفەتی پێدام بۆ نوسینی کتێبی(چوار فریشتەکە) کە باس لە فریشتە،

[جبرائیل،یکائیل،اسرافیل،ملک الموت]

دەکەین لەم کتێبەدا باسی ئەرک و زانیاری لەسەر ئەم چوار فریشتە بەڕێزە دەکەم

کە هەر یەکەیان ئەرکی جیا جیایان هەیە کە ئێمەی مرۆڤ خاوەنی ئەم ئەرکانە نین و بابزانین ئەم چوار فریشتە بەڕێزە ئەرکیان چیە و بۆچی ئەم ئەرکەیان پێدراوە و بۆ ئێمەی مرۆڤ چۆنن و ئێمە درکی پێناکەین .

# فریشتە جبرائیل

لەقورئانی پیزۆزبە(جبريل)یش ناوی هاتوە، وەگەورەی هەمو فریشتەکانە،سەرەکیترین ئەرکی(وەحی)گەیاندن بوە بە پەیامبەران.
کاتێک کە بیر دەکەینەوە لە ئادەم تاکو محمد(ﷺ) [124000]پێغەمبەر نێردراون دەبینین کەجبرایل چەندە ئەرکی هەبوە وە لەبەر ئەوەی پێغەمبەر محمد(ﷺ) کۆتا پێغەمبەر بوە، وە دوای ئەویش هیچ پێغەمبەری تر نایەت،ئەی دەبێت ئیستا جبرائیل چیبکات.

ئێستا کەم کەم دەست دەکەین بەوەی کە توانایەکانی ئەم فریشتەیە بزانین، دەبینین کە چ بوونەوەرێکی بەتوانایە پێشبینی دەکەن گەورەترین بونەوەری سەر زەوی چەند بێت هێندەی دایناسۆرێک یاخود بەگەورەی گەورەترین شوقە،

یان هێندەی هەسارەیەک، لەوانەیە بڵێین نا ئیتر بەسە، کەواتە بابیرێک لەو بەکتریایانە بکەینەوە کە هێندە بچوکن بەچاو نابینرێن، دوای ئەوەش بیر لەو نەهەنگە شینانە بکەنەوە کەلەناو دەریا دان،ئەم بەکتریایەش لەسەر جەستەی ئەوانن، بۆ چەند ساتێک با خۆمان لەشوێنی ئەو بەکتریایانە دابنێین

کە لەناو جەستەی ئەم نەهەنگە شینانە دان، وادابنێین کەوەک مرۆڤێک وایە چۆن سەیری دەوروبەری خۆمان دەکرد لەناو تاریکیەک داین لەناو بۆشاییەک دا،وە بیرلەوە ناکەینەوە کە لەسەر چی دەژین،لەساتی لەدایکبونی نەهەنگەکە تاکو مردنی بە ترِلیۆن بەکتریا دێن و دەڕۆن،ئێستاش بابێینەوە سەر دۆخی مرۆبونی خۆمان لەم کائیناتە، کە هەر چەندە پێمان وایەهەموشتێک دەزانین،وە لەراستیدا هیچ شتێک نازانین لەبارەی گەردون و زەوی و شتەکانی دەورو بەرمان،ئێمە لەناو چی داین؟

چ جیاوازیەکمان هەیە لەگەڵ ئەو بەکتریایەی کەلەسەر نەهەنگەکەیە، ڕێک وەک ئەو بەکتریایانە بێ ئەوەی بتوانین ئەو سەری گەردوون ببینین،ژیان دەکەین و دەڕۆین،

کەواتە بۆچی ئەوەندە دڵی یەکتری دەشکێنین ،تەڵە بۆ یەکتری دادەنێینەوە، بۆچی لەجیاتی یارمەتیدانی یەکتری قسە بۆ یەکتری

هەڵدەبەستین،ئەم ژیانەی کە تیایدا گەشتیارین

خۆمان بێتام دەکەین،بێگومان لەبەر ئەوەی بچوکین بەو واتایە نایەت کە گرینگ نەبین، بۆیە باسی ئەو گەورەو بچوکەم کرد کە لەناو چ بازنەیەکی گەورە داین.

گەورەیی ئەم فریشتەیە بهێنینە پێش چاوان کە ئاخۆ دەبێ چەندە گەورە بێت،

خۆر(رۆژ)کە ملیۆنێک و سێسەد هەزارجار لەزەوی گەورەترە،لەناو هەردو دەستی

(جبرائيل)ون دەبێت،جابیربکەنەوە کەچەندە گەورەیە، لە هەندێک فەرمودەدا باسکراوە کە ئەم فریشتەیە(600)باڵی هەیە،

نێوان هەردو باڵی(500)سال دەبێت.

گەر پەڕێک لەباڵەکانی بکەوێتە سەر گەورەترین شاخ(چیا)لەسەرزەوی ئەوە

لەشوێنی خۆی دەجوڵێنێ هەتا دەپڕوخێنی،

لە(نور)دروستکراوەو دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە،روحساری سپیە و قژی وەک مەرجانە

باڵەکانی لە یاقوت رازاونەتەوە،شوێنی لە ئاسمانی حەوتەم لە(سیدره المنتهى)یە.

پەیامبەر(ﷺ)جارێک لە(جبرائیل)ی پرسی

کەتەمەنی چەندە، ئەویش باسی لە ئەستێرەیەک کرد کەهەر(70000)جاڕێک بەدەردەکەوێ من(70000)ئەو ئەستێرەیەم بینیوە واتە تەمەنی(4,900,000,000)

تەمەنیەتی کەبەگوێرەی پسپۆرانی دونیاش تەمەنی دونیا نزیکە لە(4,900,000,000) ساڵ،بێگومان لەسەر روخساری خۆی خۆی بەپەیامبەرەکان نیشان نەداوە، ئەم فریشتە گەورەو بەتوانایە لەکاتی پێویست دەتوانێ

خۆی هێندەی(چۆلەکەیەک)بچوک بکاتەوە.

پەیامبەرمان(ﷺ)کاتێک تەمەنی نزیکدەبوەوە لەتەمەنی(40)ساڵی دەڕۆشت بۆ ئەشکەوتی

(حرأ)،لەوێ بۆ ماوەیەک دەمایەوە، لەیەکێک لەشەوەکان ڕۆژهەلاتی شەوەکەی جیاوازتربو لەوشەوەدا،لەئاسمان بونەوەرێکی روناکیدەری بینی تائەوساتە شتێکی

لەوشێوەیەی نەبینیبو، دواتر ئەم بونەوەرە نورانیە قسەی لەگەل دەکات پەیامبەر(ﷺ)بەم شێوەیە فەرمویەتی:

بەمنی وت بخوێنە،پەێغەمبەریش فەرمویەتی کەناتوانم بخوێنم، دواتر پەیامبەر درێژەبەوتەکانی دەدات و دەلێت دواتر منی

خستەناو قۆڵەکانی،بەتوندی منی گرت دواتر دوبارە وتی بخوێنە دوبارە فەرمویەتی ناتوانم بخوێنم،فەرموی دوبارە منی خستە ناو

قۆڵەکانی و وتی بخوێنە هەرچەندە کەپەیامبەر فەرمو ناتوانم بخوێنم بەلام بۆجاری سێهەم بەتوندی پەیامبەری گوشیوەو وازی لێهێناوە.

دواتر بە پەیامبەر(ﷺ) فەرموە: [ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِنْ عَلَقٍ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ] سورەتی(العلق)دابەزی بەم شێوەیە دیداری پەیامبەر(ﷺ)لەگەل جبرائیل رویداوە، یەکەم (وەحی) بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دابەزی.

دوای ئەوە بۆ ماوەی(23)ساڵ جبرائیل پێغەمبەر(ﷺ) بەتەنها جێنەهێشتوە،هەزاران جار هاتوە بۆلای،کەمێک پێش ئێستا باسمان لە گەورەیی ئەو فریشتەیە کردبو.

لێرە وادیارە کە پێغەمبەر(ﷺ)ئەوی لەسەر شێوەی ڕاستەقینەی خۆی نەیبینی.

هیچ یەکێک لە پێغەمبەرەکان لەسەر شێوەی ڕاستی خۆی جبرائیلیان نەدیوە جگە لە پێغەمبەر محمد(ﷺ)، تەنها دوجار پێغەمبەر(ﷺ)جبرائیلی لەسەر شێوەی خۆی بینیوە و دوجارلەسەر شێۆەی خۆی خۆی بەپەیامبەر نیشان داوە.

دوای روبەروبونەوەی یەکەم لەئەشکەوتی(حرأ) زوزو جبرائیل دەهات بۆلای پێغەمبەر(ﷺ) هەتا ئەو کەسانەی لەدەوروبەری پێغەمبەر(ﷺ) بوون نەیاندەتوانی ببینن و قسەی لەگەڵ بکەن، بەلام شێوی خۆی دەگۆری بۆسەرمرۆڤێک کەسیان نەیاندەزانی کە ئەوە فریشتە جبرائیلە.

جارێک جبرایل لە پسیارێکی لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد و ڕۆشت، پەیامبەریش بەهاوەلەکانی فەرمو کە ئەوە جبرائیل بو ئەوکاتە هاوەلەکان زانیان جبرائیل هاتبوە لای پێغەمبەر لەسەر شێوەی مرۆڤێک.

بەناوی(دهییە کلبی)لە هۆزی کلبی
لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی خۆی ناساندبو،بەڵام لەسەراتاکاندا وا خۆی نیشاندابو کە مسوڵمان نیە،پێغەمبەر(ﷺ)زۆر حەزی دەکرد مسوڵمان بێت دواتر وەک ویستی پێغەمبەر(ﷺ) ڕویدا و بوو بە مسوڵمان.
بێگومان بۆیە بەو شێوەیە خۆی پیشانی پەیامبەر داوە تاهاولان نەزانن جبرائیلە.
دوبارە ڕۆژێک جبرائیل لەسەر شێوەی دهییە دەروات بۆلای پێغەمبەر هەردو نەوەی پێغەمبەر(ﷺ)(حسن و حوسێن)خۆیان هەلدەدەنە سەری و گیرفانەکانی دەگەڕێن، دەیانوت مامە دهییە چ دیاریەکی بۆ ئێمە هێناوە پێغەمبەر رو دەکاتە جبرائیل و دەفەرموێ: ئەی جبرائیل وانەزانی کەنەوەکانی من بێرەوشتن،ئەوان پێانوایە تۆ دهییەی،دواتر فەرموی تۆهەرکاتێک هاتوی دیاریت بۆئەوان هێناوە بۆیەئەوانیش بەمشێوەیە راهاتون.

دواتر جبرائیل دەستی خۆی درێژدەکات بۆ بەهەشتو هەندێک(ترێ)دەدات بەحەسەن و(هەنارێک)دەدات بەحوسێن،

هەردوکیان دڵخۆش دەبن و دواترلەوێ دوردەکەونەوە.

دهییە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لەکاتی خەلافەتی(ابوبکر)لە سەفەری سوریا بەژداری کردبوو دواتر بەژداری سەفەری شامی کردوە.

لەدوای فەتحی شام لەساڵی[672ز]لەوێ وەفاتی کردوە لەئێستادا مەزاری دهییە لە (شام)دایە.

ئەی ئەوەتان دەزانی کە لە سێ ڕوداو دا زۆر بەخێرایی خۆی گەیاندۆتە زەوی،لەیەکێک لەجارەکاندا گەر خۆی نەگەیاندبا خودا لەئاسمان و زەوی هیچ گیاندارێکی بەزیندوی نەدەهیشتەوە؟.

**رۆژێکیان پێغەمبەر(ﷺ)پسیاری لێکرد و وتی هیچ کاتێک لەئاسمانی حەوتەمەوە بەپەلە خۆت گەیاندۆتە زەوی،جبرائیل فەرموی بەلێ ئەی محمد(ﷺ) سێجار ناچاربوم بەپەلە خۆم بگەیەنمە زەوی.**

**پێغەمبەریش فەرمویەتی ئەوانەچیبون،**

**جبرائیلیش وتی یەکەمیان کاتێک پێغەمبەر**

**ئیبراهیم خرایە ناوئاگرەوە کاتێک ئەو هێشتا لەئاسمانبو خەریکبو بگاتەناو ئاگرەکە،**

**خودا فەرموی لە ئیبراهیم بپرسە بزانە**

**هیچ داواکاریەکی لەئێمە هەیە،**

**پەیامبەر ئیبراهیم هەلدرابوە نێو ئاگر و هێشا**

**لەئاسمان بو خەریکبو بکەوێت،بەخێرای هاتمە سەرزەوی و لەئیبراهیمم پرسی هیچ داواکاریەکت لەخوداکەت هەیە،**

**پەیامبەر ئیبراهیمیش فەرموی گەر هەموئەو**

**شتانەلەلایەن خوداوە بۆمن هاتوە**

بەهەموی ڕازیم دوای ئەوە خودا بەئاگری
وت ساربەوەو بەزەویشی وت نەرم بەوە.
پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی ئەی ئەوەی دوەم چیبو،
جبرائیلیش فەرموی دوبارە کەبۆئەوەی بگەم
بۆلای ئیبراهیم تاکورەکەی نەکاتە قوربانی،
خودا فەرموی ئەی جبرائیل ئەم بەرانانەبگرە
ببە بگە بە ئیبراهیم تا ئەوانە بکاتە قوربانی
نەک کورەکەی،لەو کاتەوە ئیبراهیم بە
پێچەوانەوە چەقۆکەی لەملی کورەکەی دانابو
هەرکەهەستی کرد چەقۆکەی پێچەوانەیە
لەساتی سوڕاندنی چەقۆکە خۆم گەیاندە لای
ئەوان.
پێغەمبەر(ﷺ)ئەی سێهەمیان چیە
جبرائیل فەرموی تۆ لەوکاتەدالەجەنگی
(احود) بوی منیش لەشوێنی خۆم لە ئاسمانی
حەوتەم بوم، لەجەنگەکەدا زەبرێکت پێکەوت
و لاییەکی ئاسنی کولاوە ئاسنەکەت
لەروخسارت ڕاچو، لەو کاتەدا لەروخسارت

دلۆپەخوێنێک هات و ئەو دلۆپەخۆێنە لەروخسارت جیاببوەوبەرەو زەوی دەڕۆشت، لەوساتەدا خودا فەرموی ئەی جبرائیل خۆت بگەینە گەر خوێنی پێغەمبەرەکەم بکەوێتە سەرزەوی سوێندبێت نەلەئاسمان و نەلە زەوی یەک گیاندار بە زندوی ناهێڵمەوە،

دوای ئەوە زۆربەپەلەو لەناو دلەراوکێدا لە ئاسمانی حەوتەمەوە خۆم گەیاندە سەرزەوی پێش ئەوەی دڵۆپە خوێنەکە بکەوێتە سەرزەوی باڵی خۆم لەنێوان زەوی و دلۆپەخوێنەکەی تۆداناو نەمهێشت بکەوێتە سەرزەوی بەمشێوەیە خوێنی روخساری تۆ کەوتە سەرباڵی من.

لەوکاتەدا هەتا فریشتەی ڕوحکێشانیش وازی لەکارەکەی خۆی هێناو سەیری ئەم روداوەی کرد.

هەرچەندە لەم گەردوونە بەشێکی زۆر بچووکمان داگیر کردبێ،خودا ئێمەی لەسەرووی فریشتەکانیشەوە دروستکردوە،

چونکە فریشتەکان بێجگە لە پەرستشی خودا هیچ هەڵبژاردنێکی تریان نیە و بەو شێوەیە دروستکراون کەتەنیا پەرستشی خودا بکەن،

کەچی ئێمەی مرۆڤ لەو دونیایەدا هەزاران هۆکار هەیە کەوادەکات پەرستشی خودا بکەین یان خۆمان بەشتەکانی ترەوە سەرقاڵ بکەین لەبەر ئەوە گەر پەرستشی خودا هەڵبژێرین ئەوا پەرستشی ئێمە لەهی فریشتەکان بەنرختر دەبێت.

فریشتە جربرائیل[2]جار لەسەر شێوەی ڕاستی خۆی پیشانی پێغەمبەر(ﷺ) داوە.

بەگوێرەی فەرمودەیەک لە(بەیهەقی و سیوقی)یەوە کە سیوقی دەڵێت ئەم فەرمودەیە[مورسەلە].

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ)لە ئەشکەوتی(أحرأ) دەڕواتە خوارەوە سەیری ئاسمانی کردوە و لەسەر شێوەی خۆی جبرائیلی بینیوە.

جاری دووهەمیش لەکاتی(معراج)دا خۆی پیشانی پێغەمبەر(ﷺ) دابو.

هەر بەگوێرەی ئەو فەرمودەیە مامی پێغەمبەر(ﷺ)[هەمزە]داوای لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کە ئەویش دەیەوێت فریشتە جبرائیل ببینێت.

پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی بەرگە ناگری ئەو ببینیت بەڵام مامی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر پێداگری کرد کە بیبینێت.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی باشە وەرە دانیشە

ئێستاش سەرت بەرزبکەوە و ببینە لەکاتی سەیرکردن دا تەنها بەشێکی بچوکی قاچەکانی بینیوە کە ڕەنگی مەرجانی سەووز بوە و بەرگەی نەگرت و لەشوێنی خۆی کەوت و لەهۆش خۆی چووە.

**جبرائیل گەورەیی هەمو فریشتەکانە هەرچەندە کە ئەرکی هێنانی وەحی بۆ پێغەمبەران کۆتایی هاتوە،بەڵام هەر بەردەوامە لە ئەرکەکانی تری خۆی.**

**ئێمەی مرۆڤ چەندە خۆمان بەگەورە دەبینین دەوڵەت بەڕێوە دەبەین یان دەوڵەمەندترین پیاوی دونیاین چەندە خۆ بەگەورە زانین و دەمانەوێ هەموان ئێمە ببینن.**

# فریشته میكائیل

ئەوەی کە ئێستا باسی دەکەم وەزیری پەیامبەر(ﷺ) بو لە ئاسمانەکان.

فریشتەی بەزەیی و باران، فریشتەیەک کە بەهیج شێوەیەک پێناکەنێت نهێنیەکەش تەنها لەلای خۆیەتی، هەمو ڕوداوەکانی سروشت بەڕێوە دەبات.

ئەو گەورەی فریشتەکانە.

زۆر شت هەیە کەدەبێت بزانین دەربارەی ئەم فریشتەیە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پەیامبەر(ﷺ) باس کراوە.

بەدرێژایی مێژو مرۆڤایەتی بەدوای ئەوە گەڕاوە کە ئاخۆ لەم جیهانە بەتنهاین یان نا بەڵام دەبێ بڵێین ئەم ئاسمانە گەورە و گرانە پڕە لەبونەوەرانێک کە ئێمە نایان بینین هەروەها فریشتەکانیش یەکێکن لەوان.

فریشتە میکائیل(علی سلام)یەکێکە لەو چوار فریشتەیەی کەلەدینی ئیسلام ئاماژەیان پێکراوە ئەم فریشتەیە بەرپرسە لەروداوەسروشتیەکانی دونیا و باران ودابینکردنی رزق ورۆزی تەواوی گیانداران و گژوگیاو درەخت بەتایبەتی مرۆڤەکان.

گەورەترین فریشتەیە لەلایەن خوداوە بۆ ئەوهەمو ئەرکانە هەمو ئەو روداوانەی رودەدەن لە گەردوون و لەسەر هەسارەی زەوی هەموی لەژێر چاودێری ئەوفریشتە پایەبەرزەدایە لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا وەزیری پەیامبەر(ﷺ)بوە لەئاسمان.

پەیامبەر(ﷺ)لەفەرمودەیەک فەرمویەتی:هەمو پەیامبەرێک لەئاسمان وزەوی دو وەزیری

**هەیە لەئاسماندا هەردو وەزیری من فریشتە (میکائیل وجبرائیل)وەلەزەوی(أبوبکروعمر).**

**پێغەمبەر(ﷺ)بەیارمەتی فریشتە(جبرائیل) بەرزبونەوە بۆ ئاسمان و یەک بەیەک بەهەمو ئاسماندا ڕۆشتن ودەربارەی هەریەکێک لەئاسمانەکان زانیاری وەردەگرت، کاتێک گەیشتن بەئاسمانی حەوتەم سەرەتا پەیامبەر(موسا[علی سلام])ی بینی دوای ئەوەی بەیەکەوە قسەیان کرد،پەیامبەر(ﷺ) لەگەڕانی لەئاسمانی حەوتەم بەردوام بو لەئاسمانی حەوتەمدا فریشتە میکائیلی بینی فریشتە میکائیل لەسەر کورسیەکی گەورە دانیشتبو لەبەردەمیشی تەرازویەکی گەورە**

دانرابو تەرازوەکە ئەوەندە گەورەبو کە جێگای هەمو هەسارەیەک لەسەری شوێنی دەبویەوە.

پێغەمبەر(ﷺ)لە فریشتە میکائیل نزیک زویەوەو سلاوی لێکرد فریشتە میکائیل ولامی پەیامبەری دایەوەو دوعایەکی بۆکرد پێغەمبەر(ﷺ)کە ئەمەی بیست فەرموی ئامین.

دوای ئەوە فریشتە میکائیل بەردەوام بو لەقسەکردن، فەرموی ئەوچاکانەی لەگەل ئومەتی تۆکراوە لەگەل هیچ ئومەتی تر نەکراوە تەرازوی ئەوان لەهی هەموان قورسترە.

لەوکاتە ژمارەیەک فریشتە لەلای فریشتە میکائیل بون ئەو فریشتانەش بەڕابەرایەتی فریشتە میکائیل لەگەل پێغەمبەر(ﷺ) قسەیانکرد و پێیان وت هەمومان لەژێر فەرمانی تۆداین هەمیشە سلاواتت لەسەردەدەین.

هەزاران سال دوای (ئادەم[علی سلام])کە چەندە بەفرو باران بارییبێت هەردەنکە بەفرو بارانێک فریشتەیەک چاودێری کردوە ئەو فریشتانە فرمانەکانیان جێبەجێ دەکەن وەهەر فریشتەیەک کاتێک فرمانەکەی خۆی جێبەجێ دەکات تا ڕۆژی دواتر نۆرەی نایەتەوە.

لێرەوە دەتوانین تێبگەین کە ژمارەیان چەندە زۆرە.

بیر بکەنەوە لەو ساتەی کەهێشتا مرۆڤ دروست نەبووە چەند دڵۆپ(باران)باریوە یان(بەفر)باریوە فریشتەیەک کەلەژێر فەرمانی فریشتە میکائیل فەرمانی پێکراوە بۆ ئەم کارە وەکاتێک دڵۆپەکە دەکەوێتە سەر زەوی ئیتر نۆرەی نایەتەوە تا ڕۆژی دواتر. مرۆڤ کە بیر لەوەدەکاتەوە خەریکە مێشکی لەدەست دەدات مێشکی ئێمەی مرۆڤ توانای بەرگەگرت و بیرکردنەوەی نیە لەبەرامبەر دروستکراوەکانی پەروەردگار.

لەسەر ئەو هەمو روداوانە شتێک سەرنجی پەیامبەری ڕاکێشا،پەیامبەر(ﷺ) بینی کە زەردەخەنە لەسەر لێوی فریشتە میکائیل نیە،بۆیە پرسیاری لە فریشتە جبرائیل کرد کە بۆچی فریشتە میکائیل هیچ پێناکەنێت فریشتە جبرائیل فەرموی لەوڕۆژەوەی ئاگری جەهەنەم گری گرتوە میکائیل پێنەکەنیوە،

سەبارەت بە فریشتە میکائیل هەم لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) ناوی هاتوە

هەروەها باس لە روداوێک لەنێوان پێغەمبەر(ﷺ)دەستەیەک لەجولەکەکان رودەدات.

ڕۆژێک دەستەیەک لەجولەکەکان هاتن کۆمەڵێک پرسیاریان لە پێغەمبەر(ﷺ)کرد دوای وەرگرتنی ولامەکانیان پرسیاری ئەوەیان کرد کە کێ (وەحی) بۆ هێناوە، پەخەمبەریش فەرموی (جبرائیل)هێناویەتی لەناکاو جولەکەکان روخساریان شڕەژا،

چونکە لەلای جولەکەکان فریشتە میکائیل پارێزەرو سەرکردەی فریشتەکانەو جبرائیلیش بەپێچەوانەی ئەو فریشتەیەکی خرابەکارە. لەلای جولەکەکان وەک دوژمن سەیری جبرائیل دەکەن.

بەڵێ بەهەڵە نەتان بیست زۆر حەزیان لەوە نیە ناوی فریشتە(جبرائیل)ببیستن.

کاتێ پێغەمبەر(ﷺ)ولامیانی دایەوە وتیان

گەر میکائیل بۆتۆی هێنابا ئەوە باوەرمان بەتۆدەهێناو باوارمان پێیت دەکرد،

لەبەر ئەوەی میکائیل فریشتەی بەزەیی و ڕۆزی و رزق و بارانە، بەپێغەمبەر(ﷺ) سەرسام بو بەوە کە بۆچی ئەم فریشتەیە لەلای ئەوان گرینگە کەچی فریشتە جبرائیل

قبوڵناکەن پرسیاری کرد تا هۆکارەکەی بزانێت.

گوتیان فریشتە جبرائیل دوژمنی ئێمەیە

ئەو فریشتەی وشکە شاڵی و شەڕ و ئاژاوەیە

**هۆکاری بەنەفرەتکردنی یەهودیەکانە.**

**لەهەندێک تەفسیر بەو شێوەیە هاتوە**

**لەکاتی داگیرکردنی(قودس) و کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشاکانی یەهودی هات لەو کاتەوە**

**یەهودیەکان وابیردەکەنەوە کە داوای یارمەتیان لە فریشتە جبرائیل کردوە**

**لەبەر ئەوەی فریشتە جبڕائیل یارمەتی ئەوانی**

**نەداوە پێیان وایە ئەو بۆتە هۆکاری شکستی پاشایەتیەکەیان.**

**هەربۆیە بەچاوی دوژمن سەیری دەکەن.**

**فریشتە میکائیل بە سەرکردەی فریشتەکان دادەنێن.**

**پێیان وایە کە ئەو فریشتەیە ئەوان دەپارێزیت**

**دوای ئەوەی وایان بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتە دابەزی کەدەفەرمویت(مَن كَانَ عَدُوًّا لِّلَّهِ وَمَلَـٰٓئِكَتِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَىٰلَ فَإِنَّ ٱللَّهَ عَدُوٌّ لِّلْكَـٰفِرِينَ]{البقره98}**

**واتە:ئەو کەسەی دوژمن بێت بە خواو فریشتەکانی و پێغەمبەرەکانی، بەتایبەت جوبرەئیل و میکائیل، ئەوە با بزانێت و دڵنیا بێت کە خوای گەورە دوژمنی کافرو بێباوەڕانە)**

**سەرەڕای ئەوەی فریشتە میکائیل بۆ پێغەمبەر(ﷺ) سەرچاوەی خێرە وەک ئەوەی خۆی فەرمویەتی.**

**میائیل یەکێکە لە دوو وەزیرەکان لە ئاسمان**

**تەنانەت گەر سەیری بارانیش بکەین پەی بەوە دەبەین کە خودای گەورە چ دەسەڵاتێکی بەم فریشتە پایە بەرزە بەخشیوە.**

**بەجۆرێک بەبێ جیاوازی لەنێوان مردو و زیندو کافر و بروادار دەوڵەمەند و هەژار بە یەکسانی بۆ هەموان بەخشراوە.**

**فریشتە میکائیل بەپێی ئەو فەرمانەی لەلایەن**

خوداوە پێی دراوە باران بە هاوسەنگیەکی وا دەبارێنێتە سەر زەوی کە ڕێک موعجیزەیەکی زیندوە لەبەردەممان دا لە قورئانی پیرۆزیشدا ئایەتێک لەسەر ئەمە دابەزیوە خودا دەفەرمێ:[وَهُوَ ٱلَّذِى يُرْسِلُ ٱلرِّيَـٰحَ بُشْرًۢا بَيْنَ يَدَىْ رَحْمَتِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا سُقْنَـٰهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ ٱلْمَآءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ ۚ كَذَٰلِكَ نُخْرِجُ ٱلْمَوْتَىٰ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ]

{ الأعراف57}

واتە: هەر ئەو خوایەیە کە بای شەماڵ (هەڵگری هەڵمی ئاو) دەنێرێت لەکاتێکدا مژدەیە (بۆ خەڵک) لەنێوان دوودەستی ڕەحمەتی پەروەردگاردا، هەتا وای لێدێت کە ئەو بایە هەوری سەنگین هەڵدەگرێت، ئەوسا دەینێرین بۆ ناوچەو وڵاتێکی مردوو، جا بەهۆی ئەو ئاوەوە هەرچی بەروبوومە دەری دەهێنین، جا هەر ئابەو شێوەیە مردووانیش لەناخی زەوی دەردەهێنین و زیندوو دەکەینەوە، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن.

هەروەها دەفەرمێ:[أَوَلَمۡ يَرَوۡاْ أَنَّا نَسُوقُ ٱلۡمَآءَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡجُرُزِ فَنُخۡرِجُ بِهِۦ زَرۡعًا تَأۡكُلُ مِنۡهُ أَنۡعَٰمُهُمۡ وَأَنفُسُهُمۡۚ أَفَلَا يُبۡصِرُونَ]{ السجدة27}

واتە:ئایا سەرنجیان نەداوە کە بەڕاستی چۆن ئێمە ئاوكێش دەکەین و دەیبەین بۆ زەوی وزاری وشك و بێ ڕووەك جا بەو ئاوە ڕووەك و گژوگیا دەردەهێنین کە ماڵاتیان و خۆیشیان لێی دەخۆن، ئایا ئەوە نابینن و سەرنج نادەن؟!.

باسی هاوسەنگیەکی وادەکەین کە ئەگەر بیری لێبکەینەوە لەناکاولە(2000کم)دەبارێتە سەر دەریا و زەریاکان و وشکانی.

هەرچەندە لەڕۆژگاری ئەمڕۆمان دا مرۆڤ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هەوڵی دروستکردنی هەوری دەستکرد دەدات،

بەڵام گەر هەمو تەکنەلۆژیای دونیا کۆ بکەینەوە بۆ ئەو مەبەستە هەزاران بەربەست دێنە بەردەممان.

سەرەڕای ئەوە فریشتە میکائیل ئەوە ڕێک دەخات ڕێکخستنێکی ڕێک و پڕ موعجیزەیە.

هەزاران سێجا ئاو دەتوانێ لەئاسمانەوە بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە دواتر لەناو هەورەکان دڵۆپ دڵۆپ بۆ ئەوەی زیان بە ئێمە بگەیەنێ دەبارێ.

هەرچەندە هەورەکان لەئاستێکی زۆر بەرزدان و پلەی گەرمی هەورەکان(40)پلەیە لەژێر سفرەوە کەچی ئەو ئاوە نابەستێت،

ئەمەش یەکێکە لەموعجیزەکان

هەردڵۆپە بازانێک دەبارێت بەفەرمانی فریشتەیەک دەبارێت کەلەلایەن میکائیل بەوکارە ڕاسپێردراوە.

ئێستا دەبێت درک بەموعجیزەیەکی تر بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا کە فریشتەکان سەرپەرشتی ئەو دڵۆپە بارانە دەکات کە لەدوری هەزاران کیلۆمەترەوە لە ئاسمان دادەبەزێ کەچی بۆ ئەوەی بەریەک بکەون بەشێوەیەکی ڕێک

دەگات بە ئێمە، گەر بیر بکەینەوە بەشێوەی دڵۆپ نا، بەڵکو بەشێوەی شەپۆڵ ببارێت ئەوا دەبوایە ئەوکات چی ڕوبدات، ئیستاش بیر بکەنەوە گەر بارانی ژێر پەلە هەورێک بەو شێوەیە ببارێت بارودۆەخەکە چۆن دەبێت.

هەروەها خاڵێکی تریش کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە خێرایی دڵۆپەکان کە لەلایەن فریشتەکان دادەبەزێندرێ لەکاتی ئاسایی دا تۆنێک کە لەبەرزی هەزاران کیلۆمەتر هەڵبدرێتە خوارەوە تا کات تێپەڕێت خێراتر دەبێت، کاتێک دەگاتە سەر زەوی خێرایەکەی دەگاتە(560کم)لەسەعاتێک دا.

ئێستا بیر لەوە بکەنەوە کە بارانێک کە یەک گرام بێت و بەو خێراییە بێتە خوارەوە

قورسایەکەی چەند دەبێت، بۆیە ئەم بەرکەوتنەی بە زەوی دەگەیشە کیلۆگرام یان چەند کیلۆگرامێک، وەک بەردێک بەهێز دەبو،

بەو هۆیەشەوە درەختەکان و مرۆڤ و هۆیەکانی گواستەوە زیانێکی بەرچاویان بەردەکەوت، بەڵام ئەم شتانە ڕونادەن،

چونکە هەرچەندە دڵۆپەکان لەبەرزاییەکی زۆرەوە دەبارن بەڵام خێراییان لە(10کم)زیاد ناکا لەسەعاتێک دا.

خودای گەورە دڵۆپی بارانی بەشێوەیەک دروست کردوە کە بەشێوەیەکی زۆر نەرم بکەونە سەر زەوی، ئەم ڕێکخستنە بە جۆرێکە ئاوی زەریا سوێرەکان، ڕوبارە لیتەییەکان،ئەو ئاوانەی کە لەهەر چوار لای دونیا هەیە دەبنە هەڵم، دواتر لەئاسمانەوە دەبارێنە سەر زەوی،بەشێوەیەکی زۆر پاک و شیرین.

وەک ئەوەی لەقورئانی پیرۆزبەم شێوەیە باسکراوە:[أَفَرَءَيْتُمُ ٱلْمَآءَ ٱلَّذِى تَشْرَبُونَ]

{ الواقعة68} واتە:ئەی سەرنجی ئەو ئاوەنادەن کەرۆژانە چەند جار دەیخۆنەوە (لەکوێوە هات، کێ دروستی کرد، لەچی دروست بوو)

وە لە ئایەتێکی تر دەفەرمێ:[وَمِنْ ءَايَـٰتِهِۦٓ أَنَّكَ تَرَى ٱلْأَرْضَ خَـٰشِعَةً فَإِذَآ أَنزَلْنَا عَلَيْهَا ٱلْمَآءَ ٱهْتَزَّتْ وَرَبَتْ ۚ إِنَّ ٱلَّذِىٓ أَحْيَاهَا لَمُحْىِ ٱلْمَوْتَىٰٓ ۚ إِنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ]{فصلت39}

واتە:لە بەڵگە و نیشانەکانی خوا ئەوەیە کە دەبینیت زەوی کش وماتە، جا کەتێک باران بەسەریدا دەبارێنین دەخرۆشێت و گەشە و نەش و نما دەکات، چونکە بەڕاستی ئەو زاتەی کە زەوی زیندوو کردەوە، مردووانیش

زیندوو دەکاتەوە، بێگومان ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

باران ڕەحمەتە سەرەڕای ئەوەش زیان بەخشە

وەک چۆن لەتۆفانی پێغەمبەر(نوح_علی سلام) هەمو شتێکی لەناو برد، دوبارە ژیانێکی نوێ سەری هەڵدایەوە، هەروەها هیچ گەڵایەک بەبێ فەرمانی خودا جوڵە ناکات.

لەبەر ئەوە هەر ڕوداوێکی سروشتی کە لە لایەن(میکائیل)ڕودەدات لەلایەن خوداوە هۆکاری خۆی هەیە.

مڕۆڤ هەرچەندە ڕوبەڕوی ڕوداوی سروشتی و جیهانی ببێتەوە وای بۆ دەچێ کەبێگومان فزیشتە میکائیل زانایە بەو شتە.

لەگەڵ پێغەمبەرمان ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە

لەو ڕوداوانەی بەر لەهاتنی ڕۆژی دوایی ڕودەدەن.

فریشته میکائیل(علی سلام)کاتێک (ئادەم) ئافرێندرا ئەو یەکێکە لەودوفریشتەیەی کەسوجدەی ڕێزیان بۆبردو ملکەچی فرمانی خودای باڵادەست بون.

روداوێکی ترکەپەیوەندی بەم فریشتەبەڕێزەوە هەیە،لەگەل پەیامبەر ئیبراهیم(علی سلام)روی داوە، ئەوەیە کە کاتێک پاشای بابل(نمرود)ئیبراهیم (علی سلام)دەخاتە ناو مەنجەنیق،

تاوەکو بیخاتە ناوئاگرەوە لەوکاتەوە فریشتە میکائیل بەپەرۆشیەوە چاودێری دۆخەکەی دەکرد.

پێغەمبەر ئیبراهیم کاتێک بەمەنجەنیق هەلدەدرێتە ناوئاگرەکەوە ئەوکاتەی کەلەئاسمان دەبێت و خەریکە بکەوێت،

فریشتە میکائیل دەیتوانی لەهەرساتێکدا باران ببارێنێتە سەر ئاگرەکە تەنها چاوەڕێیدەکرد تا خودا فەرمانی پێبکات.

وەپێش ئەوەی پەیامبەر ئیبراهیم بکەوێتە

ناوئاگرەکە ئاگرەکە بکوژێتەوە بەلام فەرمان لەلایەن خوداوە نەهات.

هەرچەندە فریشتە میکائیل بەرپرسیارە لە

رووداوەسروشتیەکان و رزق و رۆزی و بەفر وباران،هەروەها چاودێری پێغەمبەر(ﷺ)و پەیامبەرەکانیتریشی کردوە بەتایبەت لەجەنگی(أحود)هەردوفریشتە

(جبرائیل و میکائیل)بەپۆشاکی سپی لەلای ڕاست وچەپی پەیامبەر(ﷺ)وەستابون وپارێزگاریان لێدەکرد.

هەروەها لەجەنگی(بەدر)بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ)لەناو ئەوفریشتانەی کەبونە هۆی سەرکەوتنی باوەرداران میکائیلیش ئامادەبو.

لەدوای ئەو دوعایانەی کە پێغەمبەر(ﷺ)لەدوای هەرنوێژێک دەیکرد ناوی فریشتە میکائیلیشی دهێنا ،دوعای بۆئەویش دەکرد،لەهەندێ سەرچاوەیتر هاتوە کەکتێبی(لوح المحفوض)کەلەئاسمانی

حەوتەمەو هەمو شتێکی تێدانوسراوە
لەلایەن فریشتە(إسرافیل و میکائیل)تارۆژی دوای دەپارێزرێت .

لەسەرسەری فریشتە میکائیل نوسراوە(أسمی اعزم)واتە (ناوی نهێنی خودا)کەهەمو ناوەکانی خودای لەخۆ گرتوە.

گەر (أسمی اعزم)لەسەر سەری فریشتە میکائیل نەنوسرابا ئەوە بارانو دڵۆپەکان ملکەچی ئەونەدەبون،وەک چۆن لەسەردەستی رۆحکێشان نوسراوە(فریشتەی ڕۆح کێشان) یاخود وەک فریشتە جبرائیل کەلەسەر باڵەکانی نوسراوە،دەتوانێت بچێتە ئاسمان و بێتەسەرزەوی.

هەر بونەوەرێکی سەر زەوی ئەوەی دەبینرێ و نابینرێ خودای گەورە ڕۆزی پێدەدات

فریشتە میکائیل ڕاسپێردراوە بەوەی کە ئەو ڕۆزیە بگەیەنێتە بچوکرین و شاراوەترین شوێنی دونیا،هەمو بونەوەرێک ڕۆزی خۆی دەخوا.

**وەهەر بونەوەرێک ڕۆزیەکەی کۆتایی هات مانای ئەوەیە ژیانی لەسەر دونیا کۆتایی هاتوە، بچوکترین بەکتریا و بونەوەر و مڕۆڤ تادەگاتە گەورەترین بونەوەری سەر زەوی رزق و ڕۆزی خۆی بۆ دابینکراوە.**

**هەموڕۆژێک دوای نوێژی بەیانی خودا ڕۆزی هەموان دەدات و فریشتەمیکائیل ئەو ڕۆزیە دەگەیەنێتە خاوەنەکانیان.**

**ئەرکی ئەم فریشتەبەڕێزە بەشیوەیەکە کە ئێمەی مڕۆڤ ناتوانین پێشبینی بکەین.**

**ئەی باشە چی بە ئەرکی مڕۆڤ بلێین، لەبەرامبەر ئەرکی فریشتە میکائیل.**

**پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆر شت بە ئێمەی مڕۆڤ دەبەخشێت بەڵام بێ ئەوەی بیر بکەینەوە سەرەنجامی ئەوە بەجی دەگات بەردەوامین لەوەی کە بەکوێرانە بەرەو پێش بڕۆین و دەسکاری سروشت بکەین و لەناوی ببەین.**

# فریشته ئیسرافیل

لەوانەیە بیبینین یان نەیبینن، بەڵام ئەم داهاتوە ڕۆژەک هەردێت ئەوکاتەی کەهەمو جیهان خەریکی کات بەسەر بردنن، هەرکەسەو بەکارێکەوە خەریکە ڕۆژەکانیش وەک ئێستا نەماون و کورت بونەتەوە و خێراتر تێدەپەرن.

لەم کاتەدا مرۆڤایەتی بەم گۆڕانکاریە ئاشنابوە،بەڵام هەر ناتوانێ هۆکارەکەی بزانێت.

نیشانەکانی قیامەت لەوکاتەدا هەمویان هاتونەتە دی، دەجال هاتوەو خەڵکی لەڕێگای ڕاست لایداوە پێغەمبەر(عیسا)هاتۆتەوە سەر زەوی و ئیمامی(مەهدی)خەڵکی بۆ ڕێگای ڕاست بانگهێشت دەکات.

لەسەر زەوی وشکە ساڵی هەیەو خۆریش لە خۆرئاوا وە هەڵهاتوە.

هەموان بەترسەوە سەیری ئەم ڕوداوە دەکەن

سەر ڕوی زەوی بەهۆی(زەمین لەرزە)شەق بوەو لەناو(دەریا و زەریا)کان ئاگر هەستاوە

هەتا ئاژەڵەکانیش بەم روداوە و گۆڕانکاریانە ترساون، دڵتەنگی و ترس و دڵەراوکێ هەمو لایەکی داپۆشیوە، بەڵام مرۆڤەکان بەشێوەک لەشێوەکان ڕاهاتون و گەڕاونەتەوەسەر کارە ڕۆتینیەکانی ڕۆژانەی خۆیان هەندێکیان ئەم ڕوداوانەیان لەبیر کردوەو هەر خەریکی بەدیهێنانی خواستەکانی خۆیانن هەندێک کەسیش ئاگادارە بەڕوداوەکان و چاوەڕێی ڕۆژی هەستانەوە دەکات.

هەرچەندە مرۆڤایەتی هەوڵ بۆ ژیانی سەر زەوی بدات،گەر لێی تێبگات یان تێنەگات بەڵام لەسەر ڕووی زوی هەمو شتێک بەرەو گۆڕان دەروات.

ئیتر ڕۆژانی کۆتایی و قیامەت نزیک بۆتەوە لەیەکێک لەڕۆژەکان فریشتەیەک چاوەڕوانی ئەو فەرمانە دەکات کەپێی سپێردراوە لەدەستی ئەم فریشتە بەڕێزە(ثوور)ێک هەیە کەلەسەریدا هێندەی تەواوی ڕوحەکانی بونەوەران کونی تێدایە و لەنزیک دەمیەتی، بەهەموو شێوەیەک ئامادەیە و چاوەڕێی هاتنی ئەو ساتە دەکات لە گەردونیش هیچ شتێک باش نیەو ترس هەموو لایەکی داپۆشیوە.

فریشتە(إسرافیل)هەرچەندە چاوەرێی هاتنی ئەم ساتە دەکات بەڵام لەروخساریشیدا جددی بونێکی تەواو هەیە.

وە بێگومان لەکۆتاییدا ئەو ساتەی چاوەڕێی دەکرد دێت،لە پەروەردگارەوە فەرمانی ئەنجامدانی کارەکەی پێدەگات، بە دڵێکی لەرزانەوە فەرمانەکەی جێبەجێ دەکات و فوو لە(ثوور)دەکات ئەمە کۆتا ڕۆژی سەر زەوی و تەواوی بونەوەرەکانە ئەمە کۆتایی چاوەروانیە زۆرەکەی هەموانە کۆتا ڕۆژی سەر زەوی و دەستپێکردنی قیامەتە لەکاتێکدا کەهەموان خەریکی ژیانی خۆیانن، لەناکاو هەمو شتێک ڕوودەدات.

فریشتە(إسرافیل)هەناسەکی قوڵ هەڵدەمژێت و چاوەکانی دادەخات و فوو لە(ثوور)دەکات لەوکاتەدا زەوی ڕادەوەستێت.

ئاسمانەکان درز دەبەن زەریا و دەریاکان قوت دەدرێن و شاخەکان دەتوێنەوە و وەکو(هەور)

دەچن بەرەو ئاسمان مرۆڤەکان لەناو ترسێکی گەورەوە سەیری ئاسمان دەکەن، چونکە لەئاسمان ئەستێرەکان یەک بەیەک دەکەون

سەر زەوی دەڵەرێتەوە، بینایەکان دەکەوون و هەمو شتێک بەرەو لەناوچوون دەڕوات لەو ساتە بەدواوە لەشوێنی دونیا تەنیا قیامەت هەیە، فریشتە(أسرافیل)بەفوکردنی بە (ثوور)دەست پێکردوە.

فریشتە(أسرافیل) بە ئەنجامدانی فرمانی پەروەردگار کۆتای بەهەمو شتێک دەهێنێت و قیامەت دەست پێدەکات، بێگومان ئەرکەکەی تەنیا بەفووکردن بە(ثوور)دا کۆتایی نەهاتوە بەڵکو هەمو شتێک تازە دەستی پێکردوە.

پێش ئەوەی باسی ڕوداوەکان و ئەرکەکانی تری ئەم فریشتەیە بکەین با سەرەتا ئەم فریشتە بەڕێزە بناسین.

فریشتە(أسرافیل) یەکێکە لەو چوار فریشتە گەورانەی کە پەروردگار خەلقی کردوە

بەپێی ڕیوایەتەکان ئەم فریشەیە پێش هەموویان خەڵق کراوە، دوای(500)ساڵ فریشتە(میکائیل)خەڵق بوە، دوایی (500)

ساڵی تر فریشه(جبرائیل)خەڵق بوە
فریشتەی چوارەمیش فریشتەی ڕۆحکێشانە
(ملک الموت).

هەرچەندە کە مرۆڤەکان بوونەوەرانێکن گەر بێتو فەرمانەکانی پەروەردگار وەک خۆی جێبەجێ بکەن ئەوا لەسەرویی فریشتەکانەوە دەبن، بەڵام ئەم چوار فریشتەیە لەسەرویی مرۆڤەکانەوەن.

تەنیا(پێغەمبەران)لەسەرویی ئەم چوار فریشتەیەن.

لەبەرزترین شوێنی ئاسانمانەکان فریشتە(أسرافیل) چاوەڕێی ڕۆژی هەستانەوە دەکات،یەکێکە لەچوار فریشتە گەورەکان

چاوەڕێی ئەنجامدانی فەرمانی پەروەردگار دەکات، ئەوو تەنیا ئەرکی ئەوە نیە کە بۆ هاتنی قیامەت فوو بە(ثوور)دا بکات

هەروەها ئەرکی ژیان بەخشینیشی هەیە(بەئیزنی خوا)

لەوانەیە ئیستا پرسیار بکەن بڵێن چۆن؟
وەک ئەوە وایە دوونیا لەساتێکی ساردی وشک بێت دارەکان بێ گەڵا و ئاژەڵەکانیش لە شوێنی خۆیان چاوەڕێ دەکەن.

(تۆیی) گیایەکان لەناو خاکدا چاوەڕێی تێپەربونی کات دەکات، ڕێک لەوکاتەدا فریشتە(أسرافیل)لەبەرزایی ئاسمانەکان، جگە لەوەی کە ئەرکی فوو کردن بە(ثوور)ی هەیە ئەرکەکەی تری دەست پێدەکات.

لەیەکەم ڕۆژی بەهاردا سەیری(زەوی) دەکات و چاوەکانی دادەخات و دوعایەک دەخوێنێت،ئەم دوعایە وەک بایەکی بەشەوکەت کاریگەری دەخاتە سەر ڕوحی هەمو شتێکی سەر زەوی.

ئەوانەی لەخەودان بە ئاگا دێنێتەوە، لەناو خاکدا لەرزینێک و لە گیایەکانیش جووڵەیەک دەستپێدەکات گیایەکان، بە هەستکردنی ئەم کاریگەریە ڕووی خۆیان لە(خۆر)دەکەن و دەست بە ژیانە نوێیەکیان دەکەن.

دارەکان دەگەشێنەوە و باڵندەکانیش
ئاوازەکانیان دەڵێنەوە و ئاژەڵەکان
بێچووەکانیان دەهێننە دونیا.
هەموو شتێک چالاک دەبێت و هەموو
شتێک زیندوو دەبێتەوە.
کاتێک فریشتە(أسرافیل) لەبەهاردا سەیری
سەرزەوی دەکات، ئاگادری ئەوەیە کەهەموو
شتەکانی سەر زەوی دووبارە دەگەشێنەوە و
زیندوو دەبنەوە، دواتر ڕوو دەکاتە لایەکەی
تر و خەریکی ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی
دەبت.
فریشتە(أسرافیل) نەک تەنها بەفوو
کردن بە(ثوور)قیامەت بەرپا دەکات، بەڵکو
هەموو بەهارێک(بەئیزنی خوا)سەر زەوی
دەگەشێنێتەوە.
ئەو فریشتەیەکە کە پەروەردگار کردویەتی بە
هۆکارێک بۆ دووبارە زیندوکردنەوەی

مردوەکانی سەر زەوی،لەوەرزی بەهاردا هەمومان ئەوە بەچاوی خۆمان دەبینین

(أسرافيل) سیمبوڵی هاتنی هەر بەهارێکی نوێیە،دەستە نهێنیهکەی زیندووبونەوەی هەر مردوویەکە.

ئەم فریشتەیە مەخڵوقێکی پەروەردگارە کە هاوسەنگی ژیانی سەر زەوی ڕاگرتوە.

ئەم تایبەتمەندیەی فریشتە(أسرافيل) لەکونجێکی مێشکتان بهێڵنەوە لەکاتێکدا کەڵەڕۆژی زیندووبونەوە هەموان زیندوو دەکاتەوە،چونکە ئەمجارەیان توانایەکانی لەشوێنێکی تر بەکار دەهێنێت.

وە ئەم زیندوو کردنەوە وادەکات مڕۆڤەکان سەرسام بکات.

بەڵام باسەرەتا هەندێک باسی ئەو(ثوور)ە بکەین کە فریشتە(أسرافيل) لەڕۆژی زیندووبونەوە فووی پیا دەکات.

پەروەردگار دوای ئەوەی کە ئاسمانەکانی خەڵق کرد (ثوور)ی دروست کرد و دواتریش دای بە فریشتە(أسرافیل).

ئەم فریشتە بەڕێزە دمی لەنزیکی(ثوور)ە و چاوەکانیشی خستۆتە سەر عەرش هەمیشە چاوەڕوانی ئەو فەرمانەیە کەدەبێت فوو بکات بە(ثوور)دا .

ابو هریرە لە پێغەمبەر(ﷺ)پرسیوە کە ئایە (ثوور)بەچی دەچێت لە وڵامدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی:کە بەشتێکی وەکو(شاخ)دەچێت.

دواتر دووبارە پرسیاریکردوە کە چ جۆرە شتێکە، لەوڵامدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی:

**ئەو شتێکی زۆر گەورەیە سوێند بەخودا زەوی و ئاسمانەکان لەچاو ئەودا زۆر بچوکن و دەکرێ هەموویان لەناویدا شۆێنیان ببێتەوە**

**بەپێی ئەو باسانەی کە پێغەمبەر(ﷺ) گێراویەتیەوە ئەوە دەزانین کە(ثوور)لە قەبارەدا زۆر گەورەیە،لە ئاسمانەکان و زەوی دا شوێنی نابێتەوە.**

**هەربۆیە ئێستا بیهێننە پێش چاوتان کە(ثوور)ئەوەندە گەورە بێت، ئەی دبێت خودی فریشتە(أسرافیل) چەند گەورە بێت.**

**یەکێک لەئەرکەکانی ئەم فریشتە بەڕێزە دەستپێکردنی ڕۆژی قیامەت دەبێت.**

**لە(کریستاڵی ساف و نور)دروست کراوە،**

**ئەم ئامێرە گەورەیە هێندەی تەواوی ڕوحەکان کونی لەسەر دایە،هەر یەکێک لەکونەکانیش پەیوەستە بە ڕوحێکەوە.**

لە ڕۆژی قیامەتیشداهەر یەکێک لە کونەکان بانگی ئەو ڕوحە دەکات کە پێویستە زیندوو ببێتەوە.

لەکاتی فوو کردن بە(ثوور)دا نەک تەنیا دوونیایەکەی ئێمە بەڵکو تەواوی بونەوەرەکان کاتیان هاتوە کە لەقیامەت ئامادەبن.

تەنیا یەک ئەرکی نیە، بەڵکو هەڵگریتەواوی بوونە.

ئەم فریشتە بەڕێزە هەتا لەهەناسەکانیشیەوە فریشتەی تر دروست دەبن.

هەرچەندە ئەم فریشتە بەڕێزە ئەرکەکەی بریتیە لە فووکردن بە(ثوور)دا بەڵام لەهەمان کاتیشدا چەندین ئەرکی تری هەیە.

وە پەروەردگار هەر هەناسەیەک ئەم فریشتەیە دەداتەوە فریشتەیەکی تر دروست دەکات.

ئەم فریشتانە بونەوەرانێکی ئاسایی نین.

بەڵکو ئەم فریشتانە ئەرکێکی تریان پێ دەسپێردرێت، کە لەهەر گۆشەیەکی کائینات هاوسەنگیەکان ڕادەگرن،گەورەی دەسەڵاتی خودا بۆ هەموو لایەک پیشان دەدەن.

ئەم فریشتانەش تا هاتنی قیامەت هەمیشە (تەسبیحات)دەکەن.

ئەم ڕوداوانەی کە ئێمەی مرۆڤ ناتوانین تێبگەین.

لەهەرهەناسەیەکی فریشتە(اسرافیل)ڕو دەدات.

ئەوەی کە هەیە شتێکە کە ئێمەی مرۆڤ نە دەتوانین لێی تێبگەین وە نەدەتوانین بیان بینین.

لە چاوەکانی فریشتە(اسرافیل) ناخۆشترین دیمەنەکانی(خەڵقەت)بونی هەیە،چونکە ئەم فریشتە بەڕێزە لە شەوو ڕۆژێکدا(3)جار سەیری دیمەنە ترسناکەکانی دۆزەخ دەکات.

له هەر سەیرکردنێکیشدا ئەشکەنجە و عەزابی ئەو ڕۆحانە دەبینێت کە لەدۆزەخ دان ئەوەی کە دەیبینێت کاریگەری دەخاتە سەری و بەهۆیەوە لەچاوەکانی دڵۆپی گریان دێتە خوارەوە.

ئەم دڵۆپانە پڕن لە دڵتەنگی و خەمباری.
هەرکاتێک سەیری دۆزەخ بکات

دڵۆپی گریان لەچاوەکانی دێتە خوارەوە.

بۆ ئەوەی ئەم دڵۆپانەی فریشتە(اسرافیل) نەگاتە دونیا خودا ڕێگری لێدەکات.

گەر بێتو تەنها یەک دڵۆپە ئاوی چاوەکانی

فریشتە(اسرافیل) بگاتە دونیا ئەوە دەرگای دوەمی وەک تۆفانی سەردەمی پێغەمبەر(نوح-علی سلام) ڕویدەدا.

ئەم دڵۆپە ئاوەی چاوی فریشتە(اسرافیل) ئەوەندە زۆر دەبو، کە شاخەکانی دادەپۆشی

تەواوی خاکەکانی قوت دەدا.

ڕۆحی تەواوی گیانەوەرانی وەردەگرت، هەربۆیە پەروەردگار ڕێگری لەوە کردوە کە دڵۆپە ئاوی چاوی فریشتە(اسرافیل)بگاتەسەر زەوی، بەو هۆیەشەوە ژیان بەردەوامە و هاوسەنگی دوونیا پارێزراوە.

فریشتە(اسرافیل) لە یەکێک لە ڕوداوەکان کە پێغەمبەر(ﷺ)ی تێدابوە بەشداری کردوە.

کاتی ئەوە هاتبو کە پێغەمبەر(ﷺ) نەشتەرگەریەکی مەعنەوی بۆ ئەنجام بدرێت

لەو ڕۆژەی کە فریشتە(جبرائیل)سینگی

پێغەمبەر(ﷺ) کردەوەو دڵی دەرهێنا، دواتر بە ئاوی(زم زم)شوشتیەوە پاک و سپی کرد.

دواتر حیکمەت و مەعریفەتی

خستەناو(دڵ)یەوە، ئەم کارە بە پلانێکی ئاسمانی ئەنجام درا،دواتریش سنگی داخرا

لەم ڕوداوەدا فریشتە(رضوان)کە فریشتەی بەهەشتە،لەگەڵ فریشتە(اسرافیل)و سەدان فریشتەی تر هەبون ،ئەوان یارمەتی فریشتە

(جبرائیل)یان دەدا و لەو کاتەدا پاڵپشتیان دەکرد.

پەروەردگار(1000)زمانی پێ بەخشیوە چونکە هەر یەکێک لە بونەوەرەکان

بەزمانی تایبەتی خۆیان قسە دەکەن ، لەهەمان کاتیشدا بێگومان دونیای(بێشومار)

هەیە کە ئێمەهێشتا نەمانتوانیوە بیدۆزینەوە

هەر بۆیە ئەمەش یەکێکی ترە لەتواناکانی ئەم فریشتە بەڕێزە.

کەدەتوانێت لەزمانی بونەوەرەکان تێبگات هەر بۆیە ئەم فریشتە بەڕێزە نەک تەنها لەزمانی ئێمەی سەر دونیا تێدەگات، بەڵکو لەزمانی تەواوی کائینات تێدەگات.

دوای ئەوەی کە(ئادەم و حەوا)لە بەهەشت ڕۆشتنە دەرەوە لەو کاتە بەدواوە ئەرکێکی تر بەخشرا بە فریشتە(اسرافیل).

(ئادەم و حەوا)بۆ دونیا نوێ بون.

هەر بۆیە خۆشەویستی و مەرحەمەتی پەروەردگار ئەوەندە گەورەیە کە بەتەنها جێیان ناهێڵێ.

بۆ ئەم مەبەستەش پەروەردگار فریشتەکانی

وەک(جبرائیل و ئیسرافیل و میکائیل)

ئەرکیان پێ دەسپێردرێت، بۆ ئەوەی کە یارمەتیان بدەن.

یەکێک لە یارمەتیەکانیان ئەوە بوە کە لەبەهەشتەوە هەندێک لەو کەلو پەلانەی کە

پێویستە بۆیان بگوازنەوە.

هەر بۆیە فریشتە(میکائیل) پارچەداری ئاڵتونی،

فریشتە(جبرائیل)بخور،فریشتە(اسرافیل) مورِ،

ئەم سێ فریشتە بەرێزە ئەمانەیان گواستەوە

بۆ لای(ئادەم و حەوا).

ئادەمیش ئەوانە لە ئەشکەوتێک دادەنێ ناوی ئەو ئەشکەوتەش (ئەشکەوتی خەزێنەکانە).

ئەوەی کە فریشتە(اسرافیل) هێناویەتی خۆشەویستی و مەرحەمەتی پەروەردگار بەبیر ئادەم دەهێنێتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەوەیان بیر دەهێنێتەوە کە ئەوان بەتەنها نین.

ئیستاش هاتینە ئەو بەشە سەرسامکەرەی کە پەیوەندی بە ئێستای ئێمەی مرۆڤ هەیە.

دواتریش دێینە سەر ئەوەی کە فریشتە(اسرافیل) چۆن دەمرێت و دواتریش چ ڕوداوێک ڕودەدات.

مردنی فریشتە(اسرافیل) یەکێکە لە ڕوداوە گرینگەکانی ڕۆژی قیامەت و نیشانەکی گەورەی گۆڕانێکی نوێیە لە کائینات دا.

فریشتەکانیش لەبەر ئەوەی کە بونەوەرن

لەکاتی هاتنی ڕۆژی قیامەت دەبێ ئەوانیش تامی مردن بکەن.

ئەم مردنە کۆتایی نیە، بەڵکو تەواوبونی ئەرکێکی ترە لە هاوسەنگی کائینات کە پەروەردگار خەڵقی کردوە.

لەهەمان کاتتدا ئەمە کۆتایی نیە، بەڵکو ئەمە دەسپێکێکی نوێیە وەک ئەوەی ئیمام(غزالی) رونی کردۆتەوە ئەم ساتە زۆر بە بەسامی و هەیبەت و کاریگەریەوە دەست پێدەکات.

کاتێک فریشتە(اسرافیل) فوو بە(ثوور)دەکات هەرچی بونەوەر لە ئاسمان و زەوی هەیە هەمویان بەیەکەوە دەمرن لەو کاتەدا تەنها ئەو چوار فریشتەیەی کە پەروەردگار هەڵی بژاردون بە زیندویی دەمێننەوە، کە ئەوانیش هیچ فریشتەیەکی تر نین،جگە لەفریشتەکان (جرائیل ،ئیسرافیل ،میکائیل ،ملک کلموت)

دواتر پەروردگار فەرمان بە فریشتەی ڕۆح کێشان دەکات کە ڕۆحی فریشتەکانی تر بکێشێت، یەک یەک ڕۆحیان دەکێشێت و

لە کۆتایشدا بە ئیزنی پەروەردگار فریشتەی ڕۆحکێشانیش دەمرێت.

ئەم مردنە وەکو باسمان کرد کۆتایی نیە.

بەڵکو دووبارە دەسپێکردنی سەردەمێکی ترە

دووای یەکەم فووکردن بە(ثوور)دا تەواوی بونەوەران لە دوونیادا مردوون،و لەوکاتە بەدواوە بۆ ماوەی(40)ساڵ لە عالەمی بەرزەخ دەمێننەوە و ئەم وەستانە لەدەرەوەی

کاتە وەک ئەوە وایە کە کات وەستابێت،

لەوکاتەدا ئەوانەی کە مردون جەستەیان دەست بە(ڕزین)دەکات،بەهێواشی تێکەڵ بە خاک دەبن، بەڵام پارچە ئێسکێکی بچوک هەیە کە بەرگەی ڕزین دەگرێت، ئەم پارچە ئێسکە بۆ دوبارە ژیانەوە دەمێنێتەوە.

مڕۆڤەکان لەڕێگای ئەم پارچە ئێسکە زیندوو دەبنەوە.

ئەرکی فریشتە(اسرافیل) هێشتا تەواو نەبوە پەروەردگار دوبارە فریشتە(اسرافیل) زیندو دەکاتەوە،لەو کاتانەی کە تەواوی کائینات لە ثوور)بێدەنگیەکی قوڵ دایە فەرمان دەدرێت بە فریشتە(اسرافیل) تا بۆ دوەم جار فوو بە (ثوور)بکات

## فریشتە ئیزرائیل

چوار فریشتەی گەورە هەن کەلەوانەیە ئەمەیان زیاتر لەهەموان بناسین.

فریشە ئیزرائیل بە گوێرەی زانیاریەکان هەمو ڕۆژ دێتە بەردەممان،(366)جار سەیری ڕۆخسارمان دەکات.

واتە ئەوکاتەی کە ئێمە خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆمانین بێ ئەوەی کە هەستیشی پێبکەین

ڕۆژانە ڕوبەڕوی فریشتەی ڕۆحکێشان دەبینەوە .

ئەرکی ئەم فریشتەیە وەرگرتنی ئەو گیانانەیە کەخودا بەهەرمروڤێکی داوە.

لەڕاستیدا بەترسەوە لێی دەروانین،چونکە ئێمەی مرۆڤ لە ناخماندا ترسی گیان لەدەستدانمان هەیە.

کاتێک خودای گەورە ئەرکی گیان سپاردنی مرۆڤەکانی بە ئیزرائیل(علی سلام)بەخشی، ئەم فریشتەیە وتی بەهۆی ئەم ئەرکەوە وەک

کەسێکی تۆقێنەرو بێبەزەی و ناحەز باسم دەکەن و منیان خۆشناوێت.

خوداش فەرموی لەنێوان تۆو بەندەکانم نەخۆشیەکانو روداوەکان وناخۆشیەکان و موسیبەت دادەنێم، بەم شێوەیە گەر تۆش گیانیان وەربگری ناخەنە سەر ئەستۆی تۆ ئیتر چ بەنەخۆشی یان روداوێک بێ یان بەهەرهۆکارێکیتربێت کاتێک هەرکەسێک کاتی هات ئەم فریشتەیە گیانەکان دەبات و هیچ کەسێکیش هۆکارەکە ناخاتەسەری.

بەهۆی ڕوداو و هۆکارەکان فریشتەی ڕۆحکیشان لەبیر دەکەین.

لەڕاستیدا ئەرکی ئیزرائیل(علی سلام) ئەرکێکی ئیلاهیە و جوانە.

دەبێت ئەوە بزانین کە لەکاتی گیانکێشانمان ئەم دونیایە بەجێ دەهێڵین، دەڕۆین بۆ دونیایەکی تر، لەوێ ئەو کەسانە دەبینیەوە

کە پێشتر لەدونیا نەماون و ژیانێکی نوێ دەست پێدەکات.

هەمو ئەرگەکانی دونیا لەکۆڵمان دەبێتەوە و دەڕۆینە سەر ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆمان.

گەر بەم شێوەیە بیر بکەینەوە دەبینین کە ئەم ئەرکەی فریشتە ئیزرائیل(علی سلام) چەند ڕەحمەتی تێدایە.

کەچی مرۆڤ کاتێک دێتە ئەم دونیایە بە گریانەوە لەدایک دەبێت، کاتێکیش جێی دەهێڵێ کەسانێک لەدوای خۆمانەوە جێ دەهێڵین کە بۆمان دەگرین.

باشترە لەوە تێبگەین کە ئەمە کۆتایی نیە و دەسپێکی ژیانێکی ترە.

ئێستا دەست دەکەین کە بەوەی بزانین کاتێک کە کاتی هەر یەکێکمان هات چ هەستێک دە چێژین لەکاتی ڕۆحکیشان.

باشترین باسکردنی ئەم بابەتە لەو کاتە ڕویداوە کە پێغەمبەر(ﷺ) لە ئیسرا و مێعراج دا فریشتە ئیزرائیلی بینیوە و بەیەکەوە سەبارەت بە گیان کێشان گفتوگۆیان کردوە.

کاتێک فریشتە(جبرائیل)پێغەمبەر(ﷺ) دەبات بۆ میعراج لەو کاتەدا پێغەمبەر(ﷺ)چاوی بە ئیزرائیل دەکەوێت پێغەمبەر(ﷺ)بە فریشتە جبرائیلی وت ئەمە کێە جبرائیلیش وتی ئەمە فریشتە ئیزرائیلە و ئەم فریشتەیەو پاسەوانی دۆزەخ هەرگیز پێناکەنن دواتریش جبرائیل بە پێغەمبەر(ﷺ)وت لێی نزیک ببەوەو سلاوی لێبکە دوای نیزیکبونەوەو سلاو کردن و گفتۆگۆیەکی کورت پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی ئایە ئێرە شوێنی ئەوە.

ئیزرائیلیش فەرموی بەلێ لەوکاتەوەی خودا منی خولقاندوە شوێنی من ئێرەیەو تارۆژی دوایی هەر ئێرەدەبێت.

دواتر پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی

مادام هەر لێرەدەبی ئەی چۆن گیانەکان دەکێشی، ئیزرائیل وتی خودای گەورە ئەم شوێنەی کرد بە شوێنی من.

بەلام(5000)فریشتەی خستۆتە خزمەتی منەوە، کاتێک لەزەوی بەندەیەک کاتی گیانسپاردنی هات(40)فریشتەی بۆدەنێرم،

ئەم فریشتانەسەرەتادەوری ئەوکەسە دەگرن

دواتریش لەهەمولایەکی جەستەی بەتایبەت لەدەمارەکانی دەڕۆنە ناوجەستەی کەسەکەو

روحی دەگرن، دواتریش ئەو روحەی گرتویانەلەپەنجەکانیانەوە ڕایدەکێشنەدەرەوە دوای ئەوەی نیوەی کارەکەیان ئەنجامدا بۆماوەی یەک کاتژمێر بەمشێوەیە جێی دەهێڵین، دوای ئەو کاتژمێرە روحەکە تاناوکی دەبەنو یەک کاتژمێریتر جێی دەهێلین،

دواتر روحەکە تاگەروی دەهێنین،دوای ئەوە بەئاسانی روەکە لەجەستە دەردەهێنین ودەیبەین.

**دوای ئەوەی روحی کەسەکە هاتە دەرەوە چاوی کەسەکە وەک بەستوی لێدێت.**

**دواتر پێغەمبەر(ﷺ)پرسیاریکرد و فەرموی چۆندەزانی کەکێ کاتی مردنی هاتوە**

**ئیزرائیلیش فەرموی بۆهەرکەسێک لەئاسمان دوو دەرگاهەیە، لەیەکێک لەم دەرگایانە رزقی ئەوکەسە دادەبەزێت لەدەرگاکەیتریش کردەوەکانی بەرزدەکرێتەوە،**

**ئەو دارەی کەلەدەستەچەپت دەبینی لەهەر یەکێک لەسەرگەلاگانی ئەوداره ناوی کەسێک نوسراوە،کاتێک کاتی مردنی کەسێک دێت ئەوگەلایەی ناوی ئەوی لەسەرە زەردەبێت و دەکەوێتە بەرئەو دەرگایەی کەرزقی بۆدادەبەزێت ئیتر ئەوکاتەدەزانم کاتی روحکێشانیەتی.**

**کاتێک پێغەمبەر(ﷺ)گفتوگۆی لەگەڵ ئەو فریشتەیە دەکرد ئەوی لەسەر دیمەنی خۆی**

نەدەبینی، داوایکرد خۆی بخاتەسەر دیمەنی ڕاستەقینەی خۆی.

داواکەی پیغەمبەر قبولکرا بەشێوەکی واگەورە ئەو فریشتەیەی بینی کەلەنێوان دوپەنجەی بتوانێ زەوی وردو خاش بکات.

بەهۆی گەورەیەکەیەوە توشی شۆککێکی گەورە بو.

بەم شێوەیە باس لە گفتوگۆی نێوان پێغەمبەر(ﷺ) و ئیزرائیل کراوە.

بێگومان ئەمە کۆتا دیداریان نەبوە.

دوای(10)سالیتر ئەم فریشتەیە دەروات بۆگیانکێشانی پێغەمبەر(ﷺ)،پێش ئەوەی گیانی بکێشێت گفتوگۆیەک لەنێوانیان رویدا

هەمو ئەندامانی خێزانەکەی کۆببونەوە پێغەمبەر(ﷺ)ماندووشەکەتبو

خودای گەورە ئزرائیل دەنێرێ بۆلای پێغەمبەر(ﷺ)تاوەکو ئەرکەکەی بەجێبگەیەنێ.

لەبەرئەوەی لەسەر شێوەی کەسێک رۆشتبو جاری یەکەم ڕێگای پێنادەن بڕواتەژورەوە، دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) دەنگی فریشتەی روحکێشان دەناسێتەوە.

بەئەندامانی خێزانەکەی فەرمو کە رێگای پێبدەن بێتەژورەوەو ئێمە بەتەنها جێبێڵن

ئیزرائیل بەپێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێ خودا سلاوی بۆبەڕێزت ناردوە گەر ڕێگەبدەی

هاتوم ئەمانەتەکە وەربگرم، بەڕێگەپێدانی خودای گەورە ئەرکی روح وەرگرتن و وەرنەگرتنی بۆ پەیامبەر(ﷺ)جێهێشتبو. پێغەمبەر(ﷺ) لەوساتەدا دودڵ ببو،چونکە هەربیری لای ئومەتەکەی بو، لەناو ئەوهەمو گفتوگۆیانەدا فریشتە جبرائیلیش لەوێ بوە. پێغەمبەر ڕوی کردە جبرائیل تابۆچونی ئەویش وەرگرێت.

دوای ئەوەی کە پێغەمبەر(ﷺ) بیستی گەرئومەتەکەی (شیرک)بۆخودا دانەنێن خودا لێان خۆشدەبێت ئەوکات دڵی ئاسودەبو.

دوای ئەوە جبرائیل بەپێغەمبەر(ﷺ)ی

فەرمو یارسوراللە(ﷺ)ئاسمانەکان بۆ بەڕێزت ئامادەکراوە، دەرگاکانی بەهەشت بۆبەڕێزت کراوەتەوە فریشتەکان هەموان چاوەڕێی تۆدەکەن.

دواتر پێغەمبەر(ﷺ)بە ئیزرائیل دەفەرموێ ئەمانەتەکەت وەربگرە.

**فریشتەی ڕوح کێشان کەتوشی پێنج ڕووداوی باوەڕ پێنەکراو بوە.**

فریشتەی  روح کێشان هەروەکو دەیزانین لەقورئانی پیرۆزدا  ناوی بەفریشتەی گیان کێشان هاتووە، کەئەرکی پێ سپێردراوە بەگیان کێشان.

فریشتەی گیان کێشان وەکو ئێمەی مرۆڤ  لەسەرەتای دروستبوونی زەوی

ومرۆڤایەتی  توشی چەن ڕووداوێکی باوەڕپێنەکراوبوە. کاتێ ڕۆیشتەوە لای پێغەمبەرێکەوە توشی کاردانەوەیەکی چاوەڕوانە نەکراو بووە.

کاتێک ئەو هەسارەی لێ نیشتە جێین، وهەروەها کاتێک هاتە سەرزەوی  وەقسەی لەگەڵ کردو لەگەڵی ڕێکەوت شتێکی سەیر ڕویدا.

لەم باسەدا باسی ئەوەدەکەین کەفریشتەی گیان کێشان  لەسەرەتای دروستبوونی زەوی و مرۆڤایەتی  توشی چەندەها ڕووداوی باوەڕپێنەکراو بووە.

ڕووداوی یەکەم :فریشتەی گیان کێشان  کاتێ قسە لەگەڵ زەوی دەکات پێش دروستبوونی مرۆڤایەتی، خودای گەورە کاتێک یەکەم ئینسانی  دروستکرد بەزەوی فەرمو لەتۆ خەڵکانێک دروستەکەم  لەناو ئەوان هەندێک کەس باوەڕ دەهێنن، هەندێک کەس باوەڕ ناهێنن، ئەوانەی باوەڕ دەهێنن دەچنە

بەهەشت، ئەوانەی باوەڕناهێنن دەچن بۆ دۆزەخ.

زەوی لەکاتێکدا ئەم قسانەی بیست شلەژاو بوو لەبەرئەوەی پارچەیەک لەخۆی کەمرۆڤایەتی پێ دروست دەکرێ یاخی دەبن بەرامبەر بەخودا، زەوی ئەوەی زانی کەپارچەیەک لەخۆی دەچێتە دۆزەخ.

لەبەرئەم هۆکارە چوار فریشتەی گەورە یەک لەدوای یەک هاتن بۆسەر زەوی وەوەرگرتنی ئەو خاکەی کەمرۆڤایەتی پێ دروست دەکرا.

سەرەتا فریشتە جبرائیل (علیە سلام) هات بۆسەر زەوی بەڵام زەوی بەبیستنی ئەم شتانە زۆر شلەژاوبوو بۆیە ئەوخاکەی کە داواکرابوو بۆ دروستکردنی مرۆڤایەتی

نەیدەویست پێیبدا، زەوی بەفریشتە جوبرائیلی وت ئەوخاکانە کە بەشێکن لەمن مرۆڤایەتی پێ دروست دەکرێ زۆرێک لەمرۆڤەکان بەرەو دۆزەخ دەچن لەبەر ئەم

هۆکارە پەنابەخودا دەبەم، هەربۆیە فریشتە جوبرائیل بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە، وەکاتێک زەوی پێ وت پەنا بەخودا دەبەم لەدوایی فریشتە جوبرائیل فریشتە میکائیل وئیسرافیل بەهەمان شێوە هاتن بۆ سەر زەوی، بەڵام زەوی هەمان قسەی کرد کەبەرامبەر فریشتە جوبرائیل(علی سلام) کردبووی.

زەوی نەیدەویست پارچەیەک لەخۆڵەکەی خۆی بدات کەلەدواڕۆژ مرۆڤەکان ئەچن بۆ دۆزەخ، فریشتەکانی تریش بەدەست بەتاڵی گەڕانەوە لەکۆتاییدا فریشتەی گیان کێشان هات بۆ سەر زەوی، زەوی بەهەمان شێوە هەمان قسەکانی بەفریشتەی گیانکێشانی وت بەڵام فریشتەی گیانکێشان نەیدەویست بەدەست بەتاڵی بگەڕێتەوە کاتێک زەوی وتی پەنادەبەم بۆ خودا فریشتەی گیانکێشان فەرموی گەر ویستی خودای گەورە جێبەجێنەکەم

منیش پەنا دەبەم بۆخودا، دواتر فریشتە
گیان کێشان لەزەویدا گەڕا بەدوای
خوڵی(سپی و سور ورەش) وە ئەو خۆڵەی
کۆکردەوە وگەڕایەوە لای خودای
گەورە، ئەویش بۆدروستکردنی یەکەم
مرۆڤ ئەویش کە ئادەم علیە
سلام بوە،هەروەها ناوی ئادەم علیە
سلام بەواتای(کەرامەتی زەوی) دێت.

ڕووداوی دووەم: فریشتەی گیانکێشان
دلخۆشترین و خەمبارترین ساتەکانی هەیە.
لەکاتی گیان کێشانی باوەڕدارن نەرمو نیان و
لەکاتی گیانکێشانی بێ باوەڕان زۆر توندو تیژ
دەبێ.

کاتێک خودا پرسیاری لەفریشتەی گیانکێشاندا
کرد ئایا هیچ کەسێک هەبووە گیانی بکێشیت
و خەمباربیت؟.

فریشتەی گیان کێشان لەوەلامدا وتی
بەلێ پەروەردگارم.

باسی ڕووداوەکەی کرد.

لەناوشەپۆڵەکانی  دەریا کەخەریکبوو کەشیتەیەک نقوم بێت ئەو مرۆڤانەی کەلەناو کەشیتەکە دابوون نقوم دەبون، ئەوکاتە دایکێک هەبوو کەمنداڵێکی ساوا لەباوەشی بوو فرمانم پێکرابوو کەگیانی داکەکە بکێشم، بەڵام زۆر خەمباربووم، کەلەکاتی گیان کێشانی دایکەکە منداڵە ساواکە لەسەرپارچە دارێک بوو بەتەنیا.

 دواتر خوای گەورە پرسیاری لێکرد ئایا  کەسێک هەبووە لەکاتی گیانکێشانی  دڵت زۆر خۆشبوبیت  فریشتەی گیان کێشان لەوەڵامدا وتی بەلێ پەروەدگارم.

فەرمانڕەوایەکی زۆر ستەمکار هەبوو زۆرستەمی لەخەڵکەکەی دەکرد  لەکاتی گیانکێشانی ئەو فەرمانڕەوایە ستەمکارە دلخۆشبوم.

پاشان خودای گەورە پرسیاری کرد  ئایا دەزانی ئەو فەرمانڕەوا ستەمکارە کێیە؟ فریشتەی گیانکێشان لەوەڵامدا وتی نەخێر

نازانم پەروەردگارم، پاشان خودای گەورە فەرمووی  لەوکاتە کەکەشتیەکە نقوم دەبوو زۆر خەمباربووی بەگیانکێشانی دایکی مندالە ساواکە، ئەوفەرمانڕەوا ستەمکارەی کە گیانت  کێشا ئەو منداڵەبوو.

## ڕووداوی سێیەم:

کاتێ فریشتەی گیان کێشان چووەلای پێغەمبەر موسا {علیە سلام}  ئەوکات ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر  ڕووبەرووی فریشتەی گیانکێشان بووبووەوە ئەم زانیاریەش لەفەرموودەکانی سەحیحی بوخاری وەرگیراوە.

لەڕۆژێکیاندا فریشتەی گیان کێشان  چووەلای پێغەمبەر موسا{علی سلام} بەڵام پێغەمبەر موسا {علی سلام} فریشتەی گیانکێشانی نەناسیەوە، وایزانی کە کەسێکە هاتووە ئازاری پێبدات، هەرلەبەرئەم هۆکارە زلەیەکی لە  فریشتەی گیان کێشان داوە.

زۆرلەپێغەمبەرەکان کەفریشتەی گیان کێشان چووە بۆلایان نەیان ناسیوە تەوە.

کاتێک کە مریەم {علی سلام} کەفریشتە گیان کێشان چووبۆلای نەیناسیوە دایکە مریەم وتی پەنا بۆپەروەردگاردەبەم

لێم دوورکەوە.

کاتێک فریشتەی گیان کێشان بەشێوەی پیاویکی [پرچ ڕەش و جلێکی سپی] چوو بۆلای پێغەمبەر محمد{ﷺ} لەوکاتەدا

هاوەڵەکانیش لای بوون کاتێک فریشتەی گیان کێشان لەوێ ڕۆیشت ئەوکات زانرا کەئەو فریشتەی گیان کێشانبوو.

ڕوداوی چوارەم: لەڕووداوی چوارەمدا کاتێ فریشەی گیان کێشان چووە لای پێغەمبەر ئیدریس {علیە سلام} پێغەمبەر ئیدریس بۆ

ماوەیەکی زۆر خەڵکەکەی بانگهێشت دەکردبۆ ڕێگای ڕاست.

کاتێک پێغەمبەر ئیدریس {علیە سلام} فریشتەی گیان کێشانی بینی داواکاری زۆری هەبوو، پێغەمبەر ئیدریس {علیە سلام} فەرمووی بۆساتێک دەتوانی گیانی من بکێشی  دەمەوێ بزانم مردن چ هەستێکە.
خوای گەروە ئەو داوایەی پێغەمبەر ئیدریسی قەبول کرد،فەرمانی بەفریشتەی گیان کێشان کرد وتی بۆساتێک گیانی بکێشە  دواتر خوای گەورە گیانی بەخشیەوە بەپێغەمبەر ئیدریس{علیە سلام}  بەڵام پێغەمبەر ئیدریس{علیە سلام} داوایەکی تری لەفریشتەی گیان کێشان هەبوو فەرمووی دەمەوێ گەشتێکم پێ بکەیت بۆ ئاسمان و بەهەشت و دۆزەخم پێ نیشان دەی.

خودای گەورە ئەم داوایەی پەیامبەر ئیدریس قبول کرد فرمانی بەفریشتەی گیان کێشان کرد لەگەڵ خۆی بیبات بۆ ئاسمان.

سەرەتا دۆزەخی نیشاندا دواتر بەهەشت، دواتر کاتی گەڕانەوە هاتبوو.

**بەڵام پێغەمبەر ئیدریس نەیدەویست لە بەهەشت بێتە دەرەوە فەرمووی پەروەردگارم تۆ دەفەرمووی هەموو گیانلەبەرێک دەبێ تامی مردن بچێژێ من تامی مردنم چەشت پەروەردگارم تۆ فەرمووتە هەموو کەسێک دەبێ دۆزەخ ببینێت من بینیم ئەی پەروەردگار تۆ فەرمووتە هەرکەسێک بچێتە بەهەشت ناچێتە دەرەوە.**

**پێغەمبەر ئیدریس{علیە سلام} فەرمووی ،ئێستا لەبەهەشتدام نامەوێ بچمە دەرەوە، دواتر خوای گەورە ئەم داوایەش لەپەیامبەر ئیدریس {علیە سلام} قبوول دەکا وەفریشتەی گیان کێشان فرمان دەکات کە پەیامبەر ئیدریس{علیە سلام} لەبەهەشتدا بمێنیتەوە.**

**ڕووداوی پێنجەم: لەڕووداوی پێنجەم و کۆتاییدا وەفاتی پێغەمبەرمان محمد{ﷺ} کە لەسەرەوە باسمان کردوە**

# كۆتايى

الحمدلله سپاس بۆ خودا توانيم ئەم كتابە تەواو بكەم.

سوپاسى ئەو كەسانە دەكەم كە پشتگيريان كردم بۆ بەردەوام بونم.

بە ئيزنى خودا بەردەوام ئەبين لە پێشكەش كردنى بەرهەمى زياتر.

سەرچاوەكانى ئەم كتێبە بريتين لە:

قورئانى پيرۆز.

فەرمودەكانى پێغەمبەر(ﷺ).

تەفسيرى(النوى،قرطبى،ابن سيرين،).

مێژو نوسەكان(قرطبى،سيوطى).

نوسەر:جيهاد لەزگين

پێداچونەوە:م.عبدالرحمان شێخ عوسمان